ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd ISSN: 2520- 4106 هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لەساڵی ۲۰۰۲دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd


* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/١٦/
پەسەندکردن ٢٠٢٦/١/٧

# ناسنامە لە فەلسەفەی باروخ دی سپینۆزادا*

کارزان حەمە علی جعفر
زانکۆی ڕاپەڕین: کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان،
بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان،
karzanali056@gmail.com

پ. د. مسلم حسن محمد
dr.muslimhasan2004@uor.edu.knd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لە بنچینە و تێڕوانینی سپینۆزا لە چەمکی ناسنامە دەکۆڵێتەوە. تیشک دەخاتە سەر جەوهەر و پەیوەندییەکانی بە ناسنامە لە نێو گەردوندا. هەروەها جەخت لەسەر ڕۆڵی ناسنامە دەکاتەوە وەک بنەمایەکی یەکگرتوو لە هەموو ئەو شتانە کە بە دوالیزم یا دوانەیەکی دابڕاو و نامۆ لە یەک پێناسەکراون. میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری بەکارهاتووە بۆ تێڕوانینەکانی سپینۆزا، ڕۆڵی ئەقڵ لە ڕێکخستن و تێگەیشتن لە هەموو ئەو شتانەی لە نێو بووندا هەن، هەروەها ناساندنی جەوهەر لەدیدی فەیلەسوفەکانەوە لە قۆناخە جیاجیاکاندا و ڕوانینایان بە تێگەی ناسنامە و کاریگەرییان بەسەر فەلسەفەی سپێنۆزادا، مرۆڤ یاخود تاک هیچ ناسنامەیەکی سەربەخۆی نییە لە گشتیدا نەبێ، بەڵکو ناسنامەکەی بە پێگەیی خۆی لە چوارچێوەیی هۆکار و هۆکردەدا دیاری دەکرێت، کە خوا یان سروشت پێکدەهێنێت، دامەزراندنی ناسنامەی مرۆڤ لە چوارچێوەیی یەک جەوهەریدا دادەمەزرێت، ئەویش لە سیفەتی بیرکرنەوە و درێژبوونەوەدا، بەم شێوەیە ناسنامە بوونێکی دیاریکراویی تاک یا گشت نییە، بەڵکو تێگەیەکی مێتافیزیکی و (ئیتیکا) یە، کە دوالیزمی نێوان خوا و جیهان تێدەپەڕێنێت، تێگەیشتنێکی نوێ مرۆڤ وەک بەشێک لە کۆیی پڕۆسەی بیرکرنەوە و درێژبوونەوە و خوا و سروشت دادەمەزرێنێت.

کلیلە وشەکان: ناسنامە، جەوهەر، خوا، سروشت، مرۆڤ

* ١١/٢٤ی ساڵی ١٦٣٢ باروک ئێسپینۆزا (Baruch)یان (Bento de Spinoza)(بدوي ١٤٢٧: ١٣٧). بندکتۆس سبینۆزا لە شاری ئەمستەردام لە دایک بوو، لە خێزانێکی جوو بە ڕەچەڵەک پورتوگالی مارییەکان بوون، لە ترسی دادگای کڵێسا کۆچیان کردبوو بۆ ئیسپانیا، لە ئیسپانیاش بەزۆر دەکران بە مەسیحی، لەوێش کۆچیانکرد بۆ هۆڵندا کە ئەو کات بە هۆڵندایان دەگوت (ئۆرشەلیمی نوێ)، لە شاری ئەمستەردام جووەکان لەوێ بە ئازادی مومارەسەیی ئایینی خۆیان دەکرد.

## (١) پێشەکی

تێگەی ناسنامە، لە فەلسەفەیی سپینۆزادا، پەیوەست بووە بە لێکۆڵینەوە لە سروشتی مرۆڤ و پەیوەندییەکەی بە جیهان و پرسی جەوهەر و جێگیریی و گۆڕانکارییەوە، هۆکاری فەلسەفی بە هێز هەن کە بۆچی هەڵبژاردنی سپینۆزا بۆ تێگەیستن لە ناسنامە ورد و ڕەوایە. چونکە سپینۆزا تێگەیشتنێکی "دوو-لایەن-نەبوو"ی بۆ ناسنامە پێشکەش بکات. ناسنامە لێرەدا بوونی هەیە، لە جەستەدا، لە بیرکردنەوەدا، لە جیهاندا. پێش ئەوەی سپینۆزا هەموو ئەو شتانە لە مێژووی فەلسەفەوە لە پلاتۆنەوە تا دێکارت بە دووانەیەکی دابڕاو لەیەک بوون، لەلای سپینۆزا دەبێتە یەک، لێرەش تێگەیی ناسنامە قوڵترە لە هەر تێگەیەک کە هەموو ئەم شتانە لە خۆ بگرێت، تێگەیی ناسنامە بۆ پێناسەکردن و ناسینی هەر شتێکە کە لە تیۆر و پراکتیکەدا هەبێت. ئەم کێشەیە لە فەلسەفەی نوێدا شێوەی جۆراوجۆریی وەرگرتووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گەورەکان کە فەیلەسوفە عەقڵانییەکان لە تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان خوا و بووندا هێنایانە ئاراوە، لەم چوارچێوەیەدا (سپینۆزا) توانی دابڕانێک لە نێوان مەعریفەت و میتۆتی باودا بکات، لە نێوان قوتابخانە مێتافیزیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەیی دێکارتدا، ڕەخنەیی قووڵی لێگرتن، لای سپینۆزا ناسنامە لە جەوهەرێکی تاکەکەسی یان خودێکی سەربەخۆدا کورت نابێتەوە، بەڵکو دیاریکردنێکی تایبەتە بۆ یەک جەوهەری بێکۆتایی،"خوا یا سروشت" بەم شێوایە ناسنامە دەبێتە بەشێک لە سیستەمی پێویستی سروشتی، کە هەبووەکان نەک بەسەربەخۆیی خۆیان، بەڵکو لە چوارچێوەیی هۆکار و هۆکردەکاندا جەوهەردا سەر بە خۆیان پێناسە دەکرێت، ئەم دیدە گرنگی خۆی تێپەڕاندنی ڕەهەندە مێتافیزیکییەکانەوە بۆ ڕەهەندی ئاکاریی و پراکتیکیەکان بەدەست دەهێنێت، کاتێک مرۆڤ درک بەوە دەکات لە ناسنامەکەی موڵکی ڕەهای خۆی نییە، بەڵکو سەر بە سروشتێکی هەمەلایەنەیە، لە وەهم ڕزگاری دەبێت و لە ڕێگەی زانینی ئەقڵانی و هەستەکییەوە دەگاتە ئازادیی، بەم شێوازە ناسنامە لە دیدی سپینۆزا دەبێتە دەروازەیەک بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی مرۆڤ لە خۆی و بە جیهان. لەم توێژینەوەیەدا خستنەڕوی ئەوەی کە چۆن سپینۆزا ناسنامە لە چوارچێوەی فەلسەفی مێتافیزیکی و ئاکاری خۆیدا تێگەسازیی دەکات، لەکاتێکدا کە تێگەیی ناسنامە بە شێوەیەکی نەریتی پەیوەست بووە بە جەوهەرێکی تاکەکەسی جێگیر یان خودێکی سەبەخۆوە، سپینۆزا تێگەیەکی جیاواز پێشکەش دەکات، ناسنامە بە جەوهەرێکی تاک و بێکۆتاییەوە دەبەسێتەوە کە بەپێویستی دەزانێت نەخشەکانی لە سروشتدا دیاریکراون، ئەمەش چەند پرسیارێک دەوروژێنێت؛ ئایا دەتوانین بە گوێرەیی سپینۆزا باسی ناسنامەیەکی تاکەکەسی سەربەخۆ بکەین؟ یان ناسنامەی مرۆڤ تەنیا لە ژێر ڕۆشنایی ناسنامەیی گشتی جەوهەردا تێدەگەین؟ چۆن دەتوانین یەکێتی جەوهەر لەگەڵ قۆناخە فرەییەکاندا ئاشت بکەینەوە، چۆن تێگەیی ناسنامە لەسەر بنەمایی یەکگرتوویی بوون و ناچارەکی سروشتی دادەمەزرێنێت؟. میتۆدی بەکارهاتوی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری و بەراوردکاری، لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە هەوڵدراوە شیکردنەوەیەک بۆ تێڕوانییەکانی (سپینۆزا) بکرێت لە بارەی ناسنامە و جەوهەر و هەروەها یەکێتی بوونی خوا و سروشت. پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە لە (٤) تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باس لە جینالۆجیایی تێگەیی ناسنامە دەکات، تەوەری دووەم ناسنامە لە فەلسەفەی

یۆناندا بەتایبەت ناسنامە لە دیدی دوو فەیلەسوف (ئەفلاتون و ئەرستۆ) دەکات، هەروەها لە تەوەری سێدا ناسنامە لە فەلسەفەیی نوێ دێکارت بە نموونە، و لە تەوەرەی چواردا ناسنامە لە دیدی سپینۆزادادا ڕوون دەکرێتەوە.

گرنگی توێژینەوە: گرنگی توێژینەوە لەبارەیی ناسنامە لەلای سپینۆزا

١.چونکە ناسنامە لە ڕووی ڕامیارییەوە دەگۆڕێت بۆ ناسنامە لە ڕووی گەردوونی جیهانی.

٢.هەموو ئەم شتانەی کە هۆکاری لێکتێنەگەیشتن بوون لە درێژایی مێژوودا، ناسنامە دەیانکاتە یەک بابەتی دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاو.

٣.گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:

شیکردنەوەی تێگەی ناسنامەی (سپینۆزا) وەک بەشێکی جەوهەری لە سیستەمی فەلسەفەکەیدا، بەستنەوەی بە تێگەکانی جەوهەر و سیفەت و دۆخەوە. ڕوونکرنەوەی پەیوەندی نێوان ناسنامە و یەکێتی ڕوح و جەستە، هەروەها، پرسی مرۆڤ لە چوارچێوەیی یەکگرتووی سروشتدا لە دیدگای(سپینۆزا)دا. دەرخستنی ڕۆڵی (سپینۆزا) لە بنیادنانی دیدێکی ئەقڵانی یەکگرتوو بۆ پرسی بوون.

## تەوەری یەکەم: جینالۆجیا تێگەی ناسنامە

تێگەی ناسنامە ئاماژەیەکی زمانەوانی هەیە، ناسنامە بە واتایی تایبەتمەندی جێگیربوون دەکات لە نێو خود، واتە نیشانەیی ئەوەی کە یەکسانە، ئەمەش تایبەتمەندی تاکە کە لە هەموو بارودۆخێک وەک خۆی دەمێنێتەوە.(لالاند ٢٠١٢: ٦٠٧) و لە ڕووی بەکارهێنانێکی فەلسەفی، و سۆسۆلۆژی، و سایکۆلۆژی،و کەلتووری هەیە، ئەم تێگەیە لە زۆر بواردا بەکار هاتووە، ئاماژەی پێکراوە وەک ناسنامەی تاک، وناسنامەی خود، یا ناسنامەی ئەوانی تر، ئەمەش وای کردووە بە زۆر بەی فەیلەسووفەکان گرنگی بەم تێگەیە بدەن، و شوێنێکی گرنگی بۆ دابنێن لە نێو بەرهەمەکانیاندا، تێگەی ناسنامە تێگەیەکی نوێ نییە، بەڵکو بگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کۆن و دواتر بە پێ گۆڕانکاری ئەو تێگەیە گەشە دەکات، تا دەگاتە فەلسەفەی نوێ. تێگەی ناسنامە چۆن لەفەلسەفەی کۆندا بەتایبەت لای فەیلەسوفانی سروشتی باسکراوە.

## تەوەری دووەم: ناسنامە لە فەلسەفەی یۆنانی

لێرەدا دەشێ ئەم تێگەیە (جەوهەر) ڕوون بکەینەوە بەمانایی چی دێت لە زمانی یۆنانیدا، ئەم تێگەیە هەروەک کە بەجەوهەر ناسراوە لە وشەیەکی یۆنانی هاتووە، ئەویش (ئۆزیا Ousia) لەسەرەتادا لە ئەدەبیاتی یۆنانی کۆندا بە مانایی"سیفەت یان تایبەتمەندی"بەکار دەهێنرا، بەڵام لە دواتر گۆڕان بەسەر ماناکەیدا هات گوزارشت بوو بۆ مانایەکی سەرەکی جەوهەر، جەوهەریش یەکەم بەمانایی شتێکی تایبەتمەندی هەستپێکراو، دووەم جەوهەر بەو شتە دێ کە شتێکی سەرەکییە لە بووندا، ئەویش ناسینەوەی دەگەڕێتەوە بۆ خۆی، ئەمەش ناسنامە و چییەتی خۆی وێنەدەکات،

چەمکی ناسنامە گۆڕانکاری بەسەردا هات دوای ئەوەی لە فەلسەفەی یۆنانی و دواتر فەلسەفەی ئیسلامیدا بۆ سەرچاوەیی شتەکان بەشێوازێکی گشتی بەکار دەهات، لە سەردەمی نوێدا ناسنامە بەرگێکی نوێ پۆشی بەوی ناسنامە بووە تێگەیە بۆ تاک بەکار دەهات، کە تاکێک لە هزراندن لەشتەکان بۆ هزراندن لە خود، لەم توێژینەوەیەدا چەند فەیلەسووفێک وەردەگرین.

بە درێژایی مێژووی فەلسەفەدا تێگەی جەوهەر یەکێک بووە لە تێگە گرنگەکان، کە لە فەلسەفەی

کلاسیکەوە و، بەتایبەت لە لای فەیلەسوفی سروشتییەکان باسکراوە، هەوڵی ئەوە دراوە لەلایەن فەیلەسوفەکانەوە بە دوای شتێکدا بگەڕێن کە بەراورد بە تێگەی گۆڕان دابنرێت، ئەویش جەوهەر(Substance) بووە، تێگەی جەوهەر سەرچاوەی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، بەتایبەت ئەرستۆ تالیس کە بەشێوەیەکی فراوان بەکاری هێناوە و، تایبەتمەندیەکی داوەتە پاڵ ئەم تێگەیە.

هەروەها تێگەیی (جەوهەر Ousia) هاومانایی تێگەیی (سروشت Physis) دێت، کە بەمانایی ڕەسەنیەتی شت دێت یان ئەو پێکهاتەیە کە هەموو شتێک لەگەڵ ئەودا هاتووە، لێرەدا بە سێ مانا لە فەلسەفەی یۆنانیدا هاتووە یەکەم؛ ئەو شتەیە کە هەسپێکاوێکی تاکیەتییە، ئەمەش یەکێکە لە مانا سەرەکییەکانی جەوهەر لە لای ئەرستۆ، دووەم ئەو سیفەتە سەرەکیانەن کە سروشتی جەوهەر پێکدەهێنن ئەویش ماهیەتە، ئەم واتایە کە ئەفلاتون بەکاریی هێناوە و، مانایی سێیەم جەوهەر بەواتایی سەرچاوەیی شتەکان یا بنەمایی شتەکان کە جیهانی لێوە هاتووە(السراي ٢٠٠٩: ١٢).

١.ئەفلاتون Platon(٤٢٧-٣٤٧پ.ز):

ناسنامە لە هزرینی ئەفلاتوندا لە بابەتی خود و ئەوی کەدا بەدەر دەکەوێت، یەکایەتی و ناسنامە دەبنە بنەما سەرەکییەکان، بۆ چییەتی فۆرم(ریکور، ٢٠١٢، ٢٦). لەکاتێکدا کە بەرکەوتە لە نێوانیاندا ڕوودەدا، لە دیدی ئەفلاتونەوە دەشێت جیاوازی لە نێوانیان بکەین، یەکەم؛ یەک ناسنامەیی واتە تاکایەتی، دووەم؛ ناسنامەی ئەویتر، کە جیاوازە لە یەکەم، لە بەرانبەریدا، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە، "دیالێکتیک لە نێو ناسنامە و جیاوازیەکان، لە ناخی خودی بوونەوە دەردەکەوێت، واتە بوون، ئەمەش جیاوازە لە ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی ئەو دان، خود گریمانەی ئەوەیتر دەکات، ناسنامەش گریمانەی جیاوازیەکان دەکات(خشبة ٢٠١٢: ١٩٢).

٢.ئەرستۆ تالیس Aristotle(٣٨٤-٣٢٢پ.ز):

لە پەرتووکی مێتافیزیکدا ئەرستۆ دەڵێت: "ناسنامە کۆمەڵێک مانا لە خۆ دەگرێت"(المسكيني، ٢٠٠١، ٥) دواتر ئەم مانایە دەگوازرێتەوە بۆ لۆژیک لە دیدی ئەرستۆدا لۆژیک بەشێکە نییە لە فەلسەفە، بەڵکو لۆژیک ئامرازێکی مەعریفەیە زەهن لە هەڵەکردن دەپارێزێت، هەروەها ئامرازێکە بۆ توێژینەوە لە هەموو کایەیەکی مەعریفی، بۆیە دەبینین ئەرستۆ دابەشی دەکات بۆ دوو بەش.

بەشی یەکەم تیۆرییەکانە: ئەویش زانست یا فەلسەفەی سروشتی دێت، ماتماتیک، مێتافیزیک، بەوە پێناسەیی دەکات کە توێژینەوەیەکە لە بارەی بوونەوە بەوەی کە بوونی هەیە.

بەشی دووەم پراکتیکیەکان: ئەمەس پێکدێت لە، ڕامیاری، ئابووری، گوتار، زانستی پزیشکی، ئەمانەش یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش ئامانجی پزیشکی بە دەستهێنانی شادییە بۆ نەخۆش و چارەسەرکردنی، ئامانجی ئابوریش بە دەستهێنانی پارەیە، بۆیە لۆژیکی نەکردووەتە بابەتێک وەک لە تیۆر و پراکتیکییەکاندا هەتووە، چونکە لۆژیک بابەتێکی سروشتی نییە، هەروەها ئاکاریش و وجودی و ڕامیاری و ئابووریش نییە، بەڵکوو لۆژیک یاسا و ڕێسایی هزراندنە.

تێگەی لۆژیک ئەرستۆ داینەهێناوە وەک ئەوەی ببێتە تێگە، بەڵکوو داهێنانی تێگەی لۆژیک لە سەردەمی ڕواقییەکاندا بۆ یەکەم جار بەکارهێنا وەک تێگە، ئەمەش لەسەرەتایی سەردەمی زاینیدا

بووە، چونکە لە پێشتردا بە ئۆرگانۆن ناوی هاتووە، ئەویش کە بەمانایی ئامرازێک دێت، ئەویش پێناسەی بەم شێوازە دێ ؛ کە زانستێکە کە دەگەڕێت بۆ ڕاستی بیرکردنەوە، هەوڵ دەدا هزر بپارێزی لە هەڵەکردن، ئەمەش جیاوازی دەکات لە نێوان ڕاست و هەڵە، لە کردارەکانی ئاوەزدا هاتووە ئەویش وێنە و بریاردان و ئەستیدلال.

لێرەدا ئەرستۆ باسی یاساکانی هزر دەکا:

١.یاسای خۆیەتی (ناسنامە).

٢.یاسای ناکۆک.

٣.یاسای بێ مام ناوەند.

١.یاسای خۆیەتی ( ناسنامە).

ئەم بنەمایە لە سەرەتادا لەلای پارمێندیس دەرکەوت و لەبارەیەوە دواوە، دواتر ئەفلاتون لە دیالۆگەکانیدا ئاماژەی پێکردووە. دواتر ئەرستۆ لە مێتافیزیکدا چوارچێوەی ئۆنتۆلۆژیادا تاوتوێی کردووە، ئەو بنەمایە پێیی لەسەر جێگیری بەردەوام و نەگۆڕان دادەگرێ و هەموو جۆرە گۆڕانێک ڕەتدەکاتەوە.(عزیز ٢٠١٦: ٣٣). بەم شێوەیە گوزارشتی لێدەکرێ (س هەر س) (س =س) لێرەدا گەر دەستەواژەکە دروست بێت ئەوا دروستە. بە نموونە (مرۆڤ مرۆڤە). کەواتە ڕاستی شتەکان ناگۆڕێت. ئەم یاساییە وێنای جیاوازی بەرامبەر لە خۆ دەگرێ چونکە کاتێک دەڵێن "س" هەر "س" ئەوا " نا س" نییە، سپی هەر سپییە، چاکە هەر چاکەیە. (جەباری، ٢٠١٠، ٣٣)

٢.یاسای ناکۆک:

ئەرستۆ لە مێتافیزییەکەیدا لە چوارچیوەیی ئۆنتۆلۆژیادا وا باسی ئەم بنەمایەی کردووە، ناکرێ، ناگونجێ خەسڵەتێک لە هەمان کاتدا بدرێ و نەدرێ، بەهەمان واتا سارد و سارد نەبێ، گەرم و گەرم نەبێ، هیچ گومان لەوەدا نییە کە دوو تایبەتمەندی، دوو خەسڵەت و بۆچوونی ناکۆک بەیەکتری ناتەبان و پێکەوە ناگونجێن. ئەم بنەمایە بە شێوەی سیمبوڵی، -ناگونجێ نا (آ) لە هەمان کاتدا و بە هەمان واتا (آ) بێت.(عەزیز ٢٠١٦: ٣٤).

٣.بنەمای بێ مام ناوەندی:

ئەم بنەمایە تاڕادەیەک لەوی پێشوو نزیکە بەڵام ئەگەر بە وردەی سەرنج بدرێ جیاوازترە و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەپێی ئەو بنەمایە شت ڕاستە یان درۆیە، شیاوەکی سێیەم لە نێوانیاندا لە ئارادا نییە. ئەم ڕنگە ڕەشە یان ڕەش نییە. من هەم یان نییم. لە دوو شتی لەیەکتر جیاواز و ناکۆک دەبێ یەکێکیان ڕاست بێ و ئەویتریان درۆ. لە نێوان بۆچوونی ناکۆک بەیەکتردا ناکرێ مام ناوەندی هەبێت. (س) هەر (س)ە یان هیچ کاتێک (س) نییە و ناکرێ لە نێوان ئەم دوانەدا شیاوەکی سێیەم هەبێ. (عەزیز ٢٠١٦: ٣٥).

تەوەری سێیەم: ناسنامە لە فەلسەفەی نوێدا دێکارت بە نموونە

١.دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠ ز):

دیکارت بەتایبەت لە "کۆجیتۆ"دا بیرکردنەوە بە بناغەیی ناسنامی تاک دادەنێت، چونکە تەنها شتێکە کە گومان لە خۆ ناگرێت، ئەمەش لە ( تێڕامانەکان لە فەلسەفەی یەکەم)دا دەردەکەوێت، لە ڕامانی یەکەمدا هەندێک شت هەن دەکرێت گومانی لێ بکرێت، بۆیە دەڵێت:" دەبێت هەموو بۆچوونەکانی پێشووترمان کە لە ژیانماندا تێپەڕیوە ڕەتبکەینەوە" هەروەها گومان کردن لە هەستەکان بۆیە دەڵێت" دەبێت هۆشیار بین کە هەرگیز گوێ بۆ شتێک نەگرین کە بۆ یەک جاریش هەڵیخەڵەتاندووین". هەروەها لە (دووەم تێڕامان)دا دیکارت هەوڵدەدات،

بەردەی بناغەیی منی بیرکەرەوە بچەسپێنێت، ئەمەش بە قسەکردن لەسەر ئەو کردارانەیی کە لە ناسنامەی مرۆڤ دانابڕێن، ئەوانیش، ئەندێشە، بیرکردنەوە، گومان، هۆش... ئەمانەش بناغەیی پێکهێنانی بوونی مرۆڤن، گوزارشت لە ناسنامەیی دەکەن، مادام مرۆڤ بیردەکاتەوە کەواتە بوونی هەیە، ئەگەر لە بیرکردنەوە بووەستێت، ئەوا لە بوونی وەستاوە، ئەمەش لە تێزیکیدا ڕوون دەبێتەوە" من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم". هەرچەندە من گومان بکەم، من دەبێت ببم، چونکە گەر وەها نەبێت من ناتوانم گومان بکەم. لە خودی کردەی گومانکردنەکەدا بوونی خۆی مانفێست دەکات. هەروەک چۆن گومان دەکەم کەواتە بوونم هەیە، بیرکردنەوە چەسپاندنی ناسنامەی بوونمە. (کامل ٢٠١٣: ١٣)

کاتێک دیکارت بەرکردنەوە بە جەوهەری مرۆڤ دادەنێت، "بیرکردنەوە" دەکات بەو بناخەیەی بوونی مرۆڤ وەک شتێک لەسەر وەستاوە و بەبێ ئەو بناخەیە ئەو شتە ناتوانێت هەبێت. لەو ڕووەوە، بوونی مرۆڤ وەک شتێک، کە بیر دەکاتەوە، تەماشا کراوە و لەو شتانەی بیر ناکەنەوە، جیا کراوەتەوە. تایبەتمەندێتی بوونی مرۆڤ وەک "شت" تەنها لە جەوهەرێکەیدا دەبینرێت.(کەمال ٢٠٢٥: ١٣٣).

دیکارت لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت" لەو حەقیقەتەوە کە من بیر دەکەمەوە کە من بەپێی دەڕۆم، من دەتوانم بە چاکی بەو ڕاستییە و دەرەنجامە، بوونی ئەقڵێک بگەم کە وەها بیر دەکاتەوە، بەڵام نەک جەستەیەک کە دەڕوات". ئەو ئەرکۆمێنتی دیکارت کە ئێمە لە گومانێکی ڕادیکاڵیانەوە بەرەو جیهان دەبات، لە کەوانەیەکی گەورە دەچێت کە لە دڵنیایی خودێکی بیرکەرەوە دەست پێدەکات، بە ناو خوادا دەڕوات، بەرە دڵنیایی خودێکی فیزیکی ناو جیهان، واتا گومانە ڕادیکاڵەکە دەربارەیی سروشتی بنەڕەتییانەی جیهان ئێستا دەتوانرێ وەلا بنرێت (ڕەفیق ٢٠١٠: ٦٧).

دیکارت لەو باوەڕەدایە زانین سەبارەت بە سروشت و جەوهەر هەبووەکان، پێش زانین لەسەر بوونیان دەکەوێت. مرۆڤ تا جەوهەری شتێک نەناسێت، بوونی ئەو شتەی بە دروستی بۆ دەرناکەوێت، نابێت پرسیار لەسەر بوونی شتێک بکەین تا چییەتی جەوهەری نەزانین( کەمال ٢٠٢٥: ١٨٩). دیکارت پێناسەی جەوهەر بەوە کرد کە سەربەخۆیە و لە دەرەوەی خۆیدا پێویستی بە هیچ نییە، ئێستا ئەگەر جەستە و گیان هەریەکەیان جەوهەر بێت ئەوا جەستە و گیان سەربەخۆ لە یەکتری هەن، بەڵام لەو دۆخەدا چۆن دەشێت جەستە و هەستەکان زانیارییەکانی جیهانی بۆ گیان بگوێزنەوە؟ دیکارت لێرەدا دان بە کارلێکی نێوان جەستە و گیاندا دەنێت بەبێ ئەوەی تێڕوانینەکانی دەربارەی جەوهەر بگۆڕێت ( کەمال ٢٠٢٥: ١٨٧).

لێرەوە گیان تەنها وەک ئاگایی (بیرکردنەوە) هەیە، نەوەک وەکو فۆرمی جەستە. لەمەوە گیاندارەکان بە تەواوی بێبەشن دەبن لە گیان، ئەوان تەنها دەبنە جەستەیەکی بێبەش لە گیان. دیکارت پێیوابوو کە گیانداران نە دەبینن و نە دەبیستن و نە تامیش دەکەن، ئەوان تەنها بەو شێوەیە هەڵسوکەوت دەکەن کە کردویانە. ئەوان بە شێوەیەکی لەخۆوەکی(ئۆتۆماتیکی) ژیان دەکەن، وەک جوڵەیەکی میکانیکی پوخت(دواق ٢٠١٦: ٥٦).

دیکارت خودا وەک جەوهەر دیاریدەکات. ئەم دیاریکردنەش بۆ دیکارت گرنگی خۆی هەیە بۆ بنیاتنانی فەلسەفەکەی، چونکە جەوهەر بۆ ئەو بریتییە لە: «شتێکە بە شێوەیەک هەیە کە هیچ شتێکی لە دەرەوەی خۆی پێویست نییە بۆ ئەوەی

هەبێت». لە فەلسەفەکەی دیکارتیشدا تەنها خوا ئەو بوونەیە کە پشت بە هیچ بوونێکی دیکە نابەستێت، کەواتە تەنها یەک تاکە جەوهەر هەیە کە ئەویش جەوهەر خوایانەیە. هەر بۆیە پێناسەی ئەو بۆ جەوهەر بێدوایەکی و جەوهەرکی دوایەکی لە یەکدی جودا دەبنەوە( زکریا ٢٠٠٨: ٢٣١).

ئەم جیاوازی کردنە ئەو واتایە دەبەخشێت کە هیچ بوونێکی سەربەخۆ لە دەرەوەی جەوهەری خوایانەدا بوونی نییە، هەروەها هیچ هۆکارگەریەکی سەربەخۆش بوونی نییە، لەمەوە دەرەنجامی ئەوە سەردەکێشێت کە هیچ ئازادیەک نییە، هەروەها لە کۆتاییشدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە هیچ تاکایەتیەکی مرۆڤەکانیش بوونی نییە، ئەم دەرەنجامە دواتر لە لایەن سپینۆزاوە سودی لێوەرگیرا، ئەگەرچی ئەم شێوە پەرگیرە هەرگیز مەبەستی دیکارت نەبوو. بەڵام بە دیاریکراوی دیکارت مەبەستی بوو بڵێت کە تەنها جەوهەری خوایانە سەربەخۆیانە بە تەواوی هەیە. جەوهەرکانی دیکەش (جەستە و هۆش) بۆ بوونیان پشت بە جەوهەر خوایانە دەبەستن.( زکریا ٢٠٠٨: ٢٣٣-٢٣٤).

تەوەری چوارەم: ناسنامە لە دیدی سپینۆزادا

چۆن بتوانین قسە لەبارەیی یەک جەوهەری بکەین؟ ئایا دەشێ بگوترێت لە ڕووی مێتافیزیک و لۆژیکەوە جەوهەر فرە جۆرە؟ لە فەلسەفەی سپینۆزادا تێگەیی جەوهەر گشتیترین و ئەبستراکترین تێگەیە لە هەموو (ئیتیکا)دا، ئەم تێگەیە دەستپێوەردان دەکات بۆ دارشتنی چەمکەکانی دواتر وەک سیفەت لە پێناسەیی چوارەم و شێواز لە پێناسەیی پێنجەم و هەروەها خوا لە پێناسەیی شەشەم، هەروەها جەوهەر هەڵدەستێت بە بنیادنانی تێزە فەلسەفەیەکانی یەک و دوو و چوار و پێنج و شەشدا.

گونجاندنی جەوهەر لەسەر بنەمایی مێتافیزیک لەوەدا دێت کە خۆ هۆکارە لە کاتێکدا سپینۆزا لە پێناسەیی یەکەمی دەبێتەوە و دیاریی دەکات کە خۆهۆکارە زیاترە لە پێناسەیی سێیەم و بەشی یەکەمی (ئیتیکا)دا سادەتریی دەکاتەوە دەڵێت کە جەوهەر بریتییە" خۆی هۆکارەی خۆیەتی و تەنها لەخۆیدا وێنادەکرێت"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ٩) لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جەوهەر لە دیدی سپینۆزادا چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە لە پێنج تایبەتمەندی پێکهاتوون ئەوانیش: تاک، زەروورییەت، قابلییەتی دابەش نەبوو، نەبڕاوە.

یەکەم: جەوهەر هەمووی یەکە: سپینۆزا نەفی گشتی بانگەشە بۆ یەک جەوهەری دەکات دەڵێت جەوهەر یەکە وتاکە ئەمەش ڕوونە لە هزرینی سەرەتایی سپینۆزاوە کە لە پەرتووکی (نامەیەکی کورت)دا دەڵێت" ناکرێت جەوهەر ببێتە هۆی دروست بوونی جەوهەرێکی دیکە"( سپینۆزا ٢٠٢٠: ٨٤)، هەروەها بەهەمان شێواز لە پەرتوکی (ئیتیکا) دا دووپاتی دەکاتەوە دەڵێت" ناکرێت لەسروشدا دوو جەوهەر یان چەند جەوهەرێک هەبێت لە یەک سیفەتدا"( سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣٤). دەگەینە ئەوەی" کە هیچ جەوهەرێک لە لایەن یەکێکی دیکەوە بەدی ناهێنرێت. کەواتە لە سروشتی شتەکاندا هیچ شتێکمان نییە جگە لە جەوهەر و کاریگەرییەکانی، لە جەوهەرێکی دیکەشەوە ناتوانرێت بەدی بهێنرێت، دەرئەنجام دەگەینە ئەوەی بە هیچ شێوەیەک هیچ جەوهەرێک لە لایەن جەوهەرێکی دیکەوە بەدی ناهێنرێت(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٩). وا دابنین لە تەک جەوهەرێکدا جەوهەرێکی دیکە هەبێت بەشداربێت لە گشت سیفەتەکاندا کە ئەویش مەحاڵە، دەرئەنجام "بە هیچ جۆرێک نییە جەوهەرێک هەبێت لە

دەرەوەی خوا و وێناش بکرێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٤٥) جگە لە یەک جەوهەر هیچ جەوهەرێکی کە نییە کە (المحایث) واتە بوون پێناسەیی خۆی دەکات لە ناو خۆیدا، خۆهۆکارە.

دووەم: جەوهەر بەش نابێت: بە دیدی سپینۆزا " گشت و بەش دوو بوونەوەریی ڕاستی نیین بەڵکو ئەوان دوانەیەکی ئەقڵین، بۆیە لە سروشتدا بە هیچ شێوەیەک نە گشت هەیە نە بەش"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٨٨) لە هەمان شوێندا دەڵێت هەڵچوون و بەش تەنها شێواز دەگرێتەوە کاتێک دەڵێن مرۆڤ نامێنێت یا نەفی دەبێت مەبەست تەنها مرۆڤە، بەواتایی ئەو پێکهاتەیەیە کە مرۆڤ هەیەتی، چونکە شێوازێکە لە شێوازەکانی جەوهەر ئەمەش ئەو جەوهەرە ناگرێتەوە کە مرۆڤ بەشێکە لێی، نەمان و بەشکردنی شیواز واتە بیرکرنەوە لێی دەشێت لە ڕووی جەوهەری نەبڕاوەییەوە تەمشایی بکرێت کە هەرگیز دابەش نابێت، بۆیە سپینۆزا لە تێزی سیانزەدا دەڵێت کە "جەوهەری نەبڕاوە بە هیچ شێوەیەک بەش نابێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٤٤). هەر لەبەر ئەوە لە پەرتوکی (نامەیەکی کورت)دا دەڵێت "بەشکردن لەسەر جەوهەر نابێت بەڵکو لەسەر شێوازی جەوهەر ڕوودەدا بەم وێناندنە کاتێک ئاو بەش دەکەین دەبینم دۆخێکە لە دۆخەکانی جەوهەر نەک خودی جەوهەر خۆیی بۆیە جەوهەر هەرچەند شیوازی هەمەجۆر بگۆڕێت هەر جەوهەر دەمێنێتەوە. سروشتی بە سروشتکەر: بریتیە لە جەوهەر، کە سیفەتەکانی نەبڕاوەن، بیرکردنەوە و درێژبوونەوەیە، بەڵام سروشتی بە سروشتکراو: گشت ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بڕاوەن، ئەمەش هەڵنجاوی بیری نەبڕاوەیە واتە تەنها ئەو درکیان پێدەکات، وەک جوڵە و جێگیربوون یان وەستاو(بدوی، ١٤٢٧: ١٣٩) هەرگیز مەبەستی سپینۆزا لە درێژبوونەوە ئەوە نییە کە درێژ بوونەوەیەکی جەستەیی میکانیکی بیت، خوا لەلای سپینۆزا درێژدەبێتەوە لە ڕووی بیرکردنەوە لە ناو چییەتی جەوهەردا، کاتێک یەک جەوهەری دەدرێتە پاڵ خوا ئەوا بە هیچ شێوەیەک سیفەتێک نییە لە ناو یەک جەوهەری خوادا نەبێت، درێژبوونەوە لە دیدی سپینۆزا بریتی نییە لە درێژبوونەوەیەکی جەستەیی بەڵکو درێژبوونەوەیەکی ماتماتیکییە، درێژبوونەوە لە جەوهەرێکی ماتماتیکیدایە، ماتماتیکیش بیرۆکەیە، لە دوایدا کە خوا وەک یەک جەوهەر دەبێت خاوەنی بیرۆکەی درێژبوونەوە ماتماتیکی ئەندازەی بێت. خوا لە دیدی سپینۆزا سیفەتی درێژبوونەوەی هەیە. (الشامخ ٢٠١٧: ١٠٨)

سپینۆزا زیاتر لەوە دەڕوات کە پێی وایە خوا خۆهۆکاری جیهانە، وخۆهۆکاری دەرەکی نییە، بەواتایەکی دیکە خوا لە دەرەوەی جیهان نییە بەڵکو خوا لە ناو جیهاندایە، خوا سەرچاوەیی ناوکی جیهانە، ئەگەر پێمان وابێت خوا لە دەرەوەیی جیهاندایە کەواتە شتێکی ترمان بەرزتر لە جیهان دەست نیشان کرد"لە خوادا بە زەرووەرەت بیرۆکە هەیە، کە چییەتییەکەی هەموو ئەوانی دیکە لە خۆ دەگرێت، کە بە زەرووەرەت لە جەوهەرێکەوە سەرچاوە دەگرن"(سپینۆزا، ٢٠١٥، ١٢٠). لێرەدا سپینۆزا یەکسانی خوا و سروشت ڕادەگرێت بە هۆکارێکی دەزانێت لە بەردەوام بوونی بووندا(دواق ٢٠١٦: ٧١).

سێیەم: جەوهەر وەک زەروورەتیک( واجب الوجود، هەبوونی ناچارەکی): لە دیدی سپینۆزادا بوون سیفەتێکی بێگومانە لە جەوهەر ناتوانرێت وێنایی جەوهەر بکرێت بەبێ بوون، بەو مانایە دێت کە جەوهەر بوونە.

چوارەم: جەوهەر (نەبڕاوە): جەوهەر لە نەبوونەوە

نەهاتووە هەروەها نابوونیش نابێت پەیوەستیش نییە بە کاتەوە هیچ کاریگەرییەکی زەمەنیش بەسەریی نایەت چ لە ڕووی سەرەتا و کۆتایی و گۆڕان و بوونەوە، ئەوە لەسەرووی زەمەنەوەیە بوونیش دۆخێکی نەخوازراو نییە بەڵکو چییەتییەتی. سپینۆزا لە کتێبی یەکەمی (ئیتیکا)دا تەرخان دەکات بۆ مەسەلەی خوا، لێرەدا بە گرنگترین بابەت دەست پێدەکات ئەویش بابەتی خوایە، ئەوەش گەڕانە بەدوایی چییەتی خوا، پێ وایە ئەمە بابەتە مەشغەڵێکە بۆ ڕووناککردنەوە و چارەسەکردنی پرسە فەلسەفیەکان. بیرکردنەوە لە بارەیی خواوە گشتگیرە، هەموو بابەتەکان دەگرێتەوە، تەنها بابەتێک نییە، بەڵکو گشت بابەتەکان پەیوەستن بە بابەتی خوا. بۆیە هیلەر دەڵێت:" گەڕان بۆ بابەتی خوا، لە فەلسەفەی سپینۆزادا لە ئەلفەوە دەست پێدەکات تا یاء"(زکریا ٢٠٠٨: ١٠٢). پێناسەیی سپینۆزا بۆ (خوا) تایبەتییە، تێگەیی جەوهەر وەک هاواتایی تێگەیی (خوا)یە بەوەی "..خۆ هۆکارە وێنایی لە خۆیدایە، وێناندنی پەیوەست نییە بە هیچ شتێکەوە بۆ ئەوە هەبێت"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ٩). دەشێت سود لەم پێناسەیە وەرگرین کە جەوهەر سەربەخۆیەکی ڕەهایە، چونکە خۆ هۆکاری یەکەمە پێویستی بە هیچ شتێک نییە تا پێکبێت، بەڵکو ئەوەی لە بووندا هەیە پێویستی بەمە، هیچ بوونێک نییە بەبێ چییەتی یا جەوهەر، لە ڕاستیدا لۆژیکیانە تەماشایی بکەی پێش بوون دەکەوێت، جەوهەر خۆ هۆکارە(دواق ٢٠١٦: ٥٩).

پێنجەم: جەوهەر (لا متناهي نەبڕاوە): پێناسەیی سپینۆزا بۆ نەبڕاوە لە بەرانبەر بڕاوە دەکات و دەڵێت" لێرەدا نەبڕاوە شتێک واتە، ئەوەی کە لە لایەن شتێکی دیکەوە لە هەمان سروشتی خۆی سنوردار بکرێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣٦)، بڕاوە ئەوەیە کە شتێک بوونی خۆی لە شتێکی تر جگە لە خۆیەوە وەردەگرێت، بەڵام جەوهەر نەبڕاوەیە ئەگەر بڕاوە بووایە ئەوا ئەوکات پەیوەندی بە شتێکی کەوە هەبوو بۆ ئەوەی وێنایی بکات، هەر لەبەر ئەوەیە جەوهەر بە ناچارەکی نەبڕاوەیە بۆیە سپینۆزا لە تێزی حەوتەمدا دەڵێت" هیچ سوبستانتێک بە هۆی یەکێکی دیکەوە بەدی نایەت، هەربۆیە سوبستانت تەنها هۆکاری خۆیەتی، واتە چییەتی سوبستانت بە زەرووڕەت هاتنەبوون دەگرێتەوە، یان ئەوەی هەر بە سروشت سەر بە هاتنەبوونە"(سپینۆزا٢٠١٥: ٥٠).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم تایبەتمەندییانە نە مرۆڤ دەگرێتەوە نە ئاژەل نە ڕووەک بەڵکو تەنها لەسەر خوا یا سروشت جێبەجێ دەکرێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە بیرکردنەوەی فەلسەفیی سپینۆزا پانتیزمانەیە. لەم شێوازی بیرکردنەوەیەدا خوا بە ( هەموو) شتێک یان سەرجەمی بوون دادەنرێت. هەبووەکان، بە سروشتەوە، کە لە ماتەر پێک هاتوون، لە بوونی خودا جیا ناکرێنەوە و خواش لە ئەوان دانابڕێت. خوا ئافەریدکەرێکی بەرز و دابڕاو لە جیهان نییە و جیهانیش لە خوا نامۆ نییە. ئەم ڕاڤەکردنە بۆ بوونی خوا و جیهان ڕەتدانەوەی میتافیزیکی ئەرستۆیی و دیکارتی و دۆگمای دینە. هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکییە لە نێوان پیاوانی دینی و سپینۆزادا بوو(کەمال ٢٠١٨: ٤١)

سپینۆزا لەسەرەتایی کتێبی (ئیتیکا)دا گەڕان بەدوای خودا وا پێناسەیی جەوهەر دەکرد کە "مەبەست لە جەوهەر ئەوەیە، کە لە نێو خۆیدا هەیە لەوێوە وێنادەکرێت، هیچ کات بۆ وێناکردنی پشت بە هیچ شتێک نابەستێت"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣١). واتە جەوهەر لە دیدی سپینۆزادا لەسەر خۆی دامەزراوە بۆ دامەزراندینشی پێویستی بە هیچ شتێک نییە بۆ

ئەوە هەبێت. لە ڕاستیدا ئەم پێناسەیە بۆ شتێک بەکار نایەت کە دابەش بکرێت یان دوانیی بێت، واتە جوزئی بێت(دواق ٢٠١٦: ٦٠). چونکە ئەوەی لە سروشتدا هەیە کە پێکدێت لە ڕووەک و ئاژەڵ و مرۆڤ پێویستی بە شتێکی کە هەیە بۆ ئەوە هەبێت. لە ئەمەش بۆمان دەردەکەوێت کە جەوهەر جێبەجێ ناکرێت تەنها لەسەر خودا یا سروشت نەبێت، ئەگەر تەماشایی خوامان کرد وەک دادپەروەرێکی ڕەها بۆ بەڕێوبردنی شتەکان ئەوە دەشێ بگوترێت ئەوە جەوهەری هەقیقییە، و ئەگەر تەماشای سروشتمان کرد بەوەی هەمووی یەکسانە و هاوسەنگە کە حوکمی یاسا پێویستیەکان دەکات هەروەها ئەو شتانەی کە لە نیو سروشتدان بەوەی پشتیان بە یەک بەستووە لە گونجاندن وهاوتەریبیدا ئەو کات هەست دەکەین کە سروشت لە هەموو لایەکەوە پشت بە خۆی بەستووە لە بوونیدا، واتە سروشت لە ڕاستیدا ئەو جەوهەرە، دوایدا سپینۆزا یەکێتی بوونی لە نێوان خوا و سرشتیدا دادەمەزرێنێت بەوەی لە یەک جەوهەرن(بدوی ١٤٢٧: ١٣٨).

سپینۆزا بەم شێوازە پێناسەیی (خەسڵەت الصفة Attribute)دەکات بەوەی"من تێدەگەم خەسڵەت ئەوەیە کە هۆش وێنای دەکات و ناوەڕۆکی جەوهەر پێک دەهێنێت"(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٤). کەواتە خەسڵەت بەواتایی جییەتی جەوهەر دێت. لە بەرانبەریدا دێکارت جەختی لەسەر دوالیزم (دوو جەوهەر)ی جیاواز لە یەکتر دابڕاویی دەکرد لە گەردووندا: بیر و ماتەر، بەڵام سپینۆزا جەختی کردەوە کە لە گەردووندا دوو جەوهەر نییە بەڵکو تەنها یەک جەوهەر هەیە، ئەم یەک جەوهەریەش دوو خەسڵەت لە خۆ دەگرێت لە هەمان کاتدا ئەوانیش ( بیرکردنەوە، درێژبوونەوە)، ئەمەش ئاشکرایە لە جەوهەردا دوو مەهیەت لە خۆ ناگرێت بەڵکو بیرکرنەوە و درێژبوونەوە تەواوکراویی یەکترن، بەڵکو لەوەش زیاتر دەچێت کە جەوهەری ڕاستەقینە خاوەنی یەک خەسڵەتە ئەویش بیرکرنەوە و درێژبوونەوەیە.

هەرچەندە ئەم بیرۆکەیە سەیرە، بەڵام ئاسانە پاساو بۆ ئەوە بهێنینەوە کە لەگەڵ فەلسەفەی سپینۆزادا بگونجێت. ئەگەر جەستەیەکی درێژکراوە لە بەرچاو بگرین، یەکسەر تێدەگەین کە ئەوەی جەوهەرەکەی پێکدەهێنێت جەستەییەتی، واتە درێژبوونەوە جەوهەری هەموو شتە فیزیکییەکانە. کەواتە چۆن سپینۆزا دەنوارێت ئەو درێژبوونەوەیە وەک ئەوە وابێت کە بیرۆکەیەکە. ئەگەر تێگەیی درێژبوونەوە لە خودا لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێت کە تایبەتمەندی بنەڕەتییەکەی ڕەهەندە ئەندازیارییە، هەروەها ئەو فەزایەی کە داگیری دەکات فەزایەکی ئەندازەییە کە دەتوانرێت بە یاساکانی بیرکاری بپێورێت و بەڕێوەی ببات. بەڵام ئەو پەیوەندییە بیرکارییە ئەندازەییانەی کە تایبەتمەندی درێژکردنەوەن، خۆیان جۆرێکە لە بەرکردنەوە، جگە لەمەش ئەو یاسا فیزیایی و کیمیاییانەی کە کارلێکەکانی جەستە و جوڵەی تەنەکان بەڕێوەدەبەن، جۆرێکە لە بیرکردنەوە، لەبەر ئەوە چییەتی ڕاستەقینەی درێژکردنەوە بیرکردنەوەیە. لە لایەکی دیکەوە بیرکرنەوە درێژبوونەوە لە خۆ دەگرێت، تەنانەت لەسەر ئاستی بیرکردنەوە موجەرەدەکان. لە دوایدا درێژبوونەوە خەسڵەتیکە لە خودیی بیرکردنەوە، بەم شێوازە سپینۆزا تەماشایی (بیرکردنەوە و درێژبوونەوە)ی کردووە بەوەی کە یەک شتن، بیرکرنەوە درێژکراوەی ڕاستییەکانی هەیە، خودی درێژبوونەوە کە بوعدێکی ئەندازەیی بیرکاری هەیە کە جگە لە بیرکردنەوە هیچی تر نییە.

هەروەها سپینۆزا سەبارەت بە (دۆخ، الحال Mode ) دەنووسێ کە:" شێواز وەک یەکێک لە

کاریگەرییەکانی جەوهەر، بەمانایەکی دیکە ئەو بوونی وەستاوە لەسەر شتێکی دیکە، وێناش دەکرێت لەشتێکی دیکەدا کە خۆی نەبێت "(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٣١). بەم مانایە واتەیی ئەوە دەگەیێنێت بوونی بەسراوەتەوە بە جەوهەرەوە، ئەگەر وەک جەوهەرێک سەیری مرۆڤ بکەین، ئەوا فۆرمە جیاوازەکانی جەستەی مرۆڤ دەبنە شێوازێک، واتە شێواز بەشێکە لە جەوهەر، لەسروشتی ئەم بەشەدا لە هۆکاری خۆ نییە بەڵکو بوونی بەسراوەتەوە بەشتێکی کەوە.

بۆیە لێرەدا پرسێکی گرنگ دێتە ئاراوە یەکێک لەو پرسە گرنگانەی کە سپیۆزا لە کتێبی (ئێتیکا) دەستپێدەکات، تێزی دووەمە کە تیۆری ناسنامەی خوا و سروشت خۆی لەسەر بنیات دەنێت. ئەمەش دەبێتە هاوکێشەیەک خوا=سروشت، لەم تێزەدا هاتووە:"دوو جەوهەر، تایبەتمەندییان جیاوازە، هیچ هاوبەشییەکیان لە نێوانیاندا نییە"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ١٢). لەبەر ئەوە هیچ پەیوەندی و کارلێکێک لە نێوانیاندا نابێت. بەم شێوەیە سپینۆزا تیۆری دیکارت لەبارەی جەوهەری بیرکردنەوە و درێژبوونەوە ڕەتدەکاتەوە. ئەگەر بیرکردنەوە سەربەخۆ جەوهەرێک بێت و، درێژبوونەوەش جەوهەرێک بێت، ئەوا هیچ پەیوەندیەک و کارلێکێک لە نێوانیاندا ڕوونادات، نە لەسەر ئاستی سروشت و نە لەسەر ئاستی مرۆڤ. واتایی ئەم تێزە ئەوە دەبەخشێ ئەگەر خوا بیرکردنەوەی تایبەتی هەبێت و جەوهەریش بیرکردنەوە و، جیهانیش جەوهەری ماتەری درێژبوونەوە بێت، کەواتە هیچ پەیوەندیەک و کارلێکێک لە نێوانیاندا نابێت و، کاریگەری یەکەم لەسەر دووەم دروست ناکات، ئەمەش بەپێی پێناسەی دووەم" نە تەن لە لایەن بیر و نە بیریش لە لایەن تەنەوە دەتوانێت سنوردار بکرێت"(سپینۆزا ٢٠١٥: ٤٣).

ئەمەش بەو مانایەیە کە لە بووندا تەنها یەک جەوهەر هەیە، لە یەک کاتدا خوا و سروشت، ئەگەر لەلایەکەوە تەماشای بکەین دەبینین خوایە و، ئەگەر لەلایەکی تریشەوە تەماشایی بکەین دەبینین سروشتە، ئەگەر هێزێک لە سروشتدا هەبێت کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری و گەشەکردن بە مانایی ئەرستۆ، ئەوا ئەگەر بەشێوەیەکی ماددی سەیری ئەم هێزە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە یاساکانی سروشتە، یان سروشتی بەسروشتکراو(natura naturans)، ئەگەر لەڕووی ڕوحییەوە تەماشایی بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ویستی خوا کاری بەردەوامییەکەیەتی، بۆیە سپینۆزا لە کتێبی ( نامەیەک لەبەرەیی خواناسی و ڕامیاری)دا دەڵێت" ویستی خوا و یاساکانی سروشت یەک شتن"( سپینۆزا ٢٠١٥: ١٦٧،١٨٦،٢١٥،٢٢٢). هۆکاری ئەوەی کە ئێمە ئەم یەک جەوهەرە لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە درکی پێدەکەین، یەکێکیان بە گریمانەکردنی بۆ ئێمە وەک خودا و ئەوی دیکەیان بە گریمانەکردنی بۆ ئێمە وەک سروشت، یان بە وردتر بڵێین، ڕوانگەی مرۆڤەوە، مەیلی جیاکردنەوەی دوو سیفەتی بیرکردنەوە و درێژبوونەوەی هەیە و وەک یەک شت هەستیان پێناکات. لەسەر بنەمایی ئەم دابڕانە، ڕوانینمان بۆ جەوهەر لەلایەک وەک بیرکردنەوە و لەلایەکی کەوە وەک خوا، لەلایەکی تر وەک درێژبوونەوە، دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە سروشتە، دابڕانی نێوان بیرکردنەوە و درێژبوونەوە تەنها لە ئاستی بیری مرۆڤدایە، چونکە مەیلی ئەوەی هەیە کە شێوازی جەوهەر کە لە خۆیدا بوونی هەیە وەربگرێت و ئەمەش بە بڕوای سپینۆزا نادروستە.

بیرکردنەوەی مرۆڤ هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی دوو تایبەتمەندی لە یەک جەوهەردا و پێوایە هەموو تایبەتمەندیەکی خۆی جەوهەرێکە،

ئەمەش دەبێتە هەڵەیەک لە بوونی دوو جەوهەری جیاواز، زیاتکردنی پێدەبەخشێت، واتە کار لەسەر پێگەیشتن و بابەتیکردنیان دەکـات، بە جۆرێک کەوابێت بیرکرنەوە شتێکە و درێژبوونەوە شتێکی کەیە، بیرکردنەوە بە جەوهەرێکەوە گرێدراوە کە خوایە، و درێژبوونـەوە بە جەوهـەر کە ئەویش سروشتە. ئەمەش لە پێناسـەیی سێیەمدا لە کتێبی (ئیتیکا)دا هاتووە کە سپینۆزا لە بارەیی خەسڵەتەوە دەڵێت" لە ژێر ئەم ناوەدا ئەوە تێدەگەم، ئەوانەی لە ناو جەوهەردان، ئەوەی کە وا دەکات لە چییەتی جەوهەر تێبگەین""(سپینوزا ٢٠١٥: ٤٤)، بیرکردنەوە و درێژبوونـەوە جگە لە دوانـەیەک لە سروشتی زەهنی مرۆیی هیجی دیکە نییە، لە ڕاستیدا ئەم دووانە بوونیان نییە لە واقعدا، چونکە لە واقعدا تەنها تاکایەتی جەوهەر هەیە، و ئامانجی سپینۆزا لە کتێبی (ئیتیکا)دا پاککردنەوەی زەهن لەم دوالیزمییە و بۆ گەیشتنە بە ئاستی بەدیهێنانی ناسنامەیەکی ڕەهای بیرکردنەوە و درێژبوونەوە.

خوا لە دیدی سپینۆزادا هەموو شتێکە لە واقعی بێکۆتایی ڕەها گشتگیر. لە مێتافیزیکی سپینۆزادا هیچ شتێک بەبێ هۆکار نییە، هۆکار و هۆکردیش لۆژیکییانە و بوونە پەیوەندییەکی پێویستیان هەیە و دەبێت یەکێتی و جیاوازییان هەبێت. بۆ سپینۆزا یـەک جەوهـەر هەیە؛ خوا و سروشت سروشتی سروشتدروسکەر و سروشتی بەسروشتکراو لە یەک جیا نابنەوە(کەمال٢٠١٨: ٨٠). لە تێزی یانزەیەمیندا لە کتێبی (ئیتیکا)دا سپینۆزا لە بارەیی خوا دەڵێت:"خوا، یـان جـەوهـەر کـە خـەسڵـەتـە لـەکـۆتـابـەدەرەکـان پێک هاتوون، هەر کام لەم خەسڵەتانە ناسنامەی ناوەڕۆکی هەمیشەیی و لە کۆتابەدەرەی دەردەخات کە بە پێویست هەیە"(سپینۆزا ٢٠٠٩: ٤٠) ئامانجی سەرەکی سپینۆزا لە بەڵگەکانیدا (سەلماندنی)بوونی خوا نییە و تەنها دەیـەوێت بوونی (بسەپێنێت) (کـەمـال٢٠١٨: ٩٠).بەڵگەندنی سیفەتەکانی خوا و جیاکردنەوەی لە سیفەتەکانی مرۆڤ، ئەوەمان بۆ دەردەخـات کە خوا پێویستی بەوە نییە تۆڕەبێت و هەڵچوونی هەبێت کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، چونکە خوا لە هەموو سیفەتێکی مرۆڤ بە دوورە، سپینۆزا هەموو ئەو سیفەتانەی دەیداتە پاڵ جەوهەر بەهەمان شێیوە کاتێک باس لە خوا دەکرێت هەموو ئەو سیفەتانە بەهەمان شێوەیی جەوهەر بۆ خوای بەکار دەهێنێت، دواتر دووپاتی دەکاتەوە کە ئەوانە هەمان سیفەتی سروشتین کە بۆ خوایی بەکار دەهێنێت، دواتر شۆڕشێک بەرپادەکات بەوەی کە خوا و سروشت یەک شتن دواتر بە گوزارشتێکی تر جارێک یـان دوو جار (خـوا یـان سـروشـت) بەکاردەهێنێت، دواتر واز لە بەکارهێنانی دەهێنێت دوای ئەوە قەناعەت بە خوێنەر دەکات کە ئەوانە یەک شتن، ئیکتیفا تەنها بە وشەیی خواوەندەوە دەکات تا کۆتایی کتێبی (ئیتیکا)، دواتر ئیمانی فەیلەسووفەکان بـەوە دێت کە سپینۆزا مەستە بە بیرکردنەوە لە خوا مەزهەبی سپینۆزا چیدیکە بە (یەکێتی بوون) دەناسرێت، واتە دووپاتی بوونی خوا دەکاتەوە لە سروشتدا، زیاتر لەوە سپینۆزا ڕوونی دەکاتەوە کە جەوهەر نەبڕاوەیە، بەو مانایە دێت کە کۆمەڵێک سیفەت و شێواز لە خۆ دەگرێت، هەر شتێکی نوێ لە سیفەت و شـێوازدا هەبێت بە زەرووڕەت لە جەوهەری نەبڕاوەدا هەیە، سپینۆزا دواتر لە بارەی گرنگترن شتەوە لە سەر جەوهەری نەبڕاوە ئەو بە ناساندنی خوا و سروشت بەکاریدەهێنێت(زکریا ٢٠٠٨: ١٠٤)، هـەر لەبەر ئـەوە سپینۆزا لە تێزی یەکەمی کتێبی (ئیتیکا)دا دەڵێت" بێگومان جەوهەر لە شتە هەستەکیەکان گرنگترە"(سپینۆزا ٢٠٢٥: ١٢) چونکە جەوهەر خۆهۆکارە، بەڵام هەستەکیەکان

خۆهۆکار نییە، بەڵکو پێویستی بە جەوهەر هەیە بۆ ئەوە هەبێت، هەستەکییەکان تێناگەن مەگەر لە ڕێگایی جەوهەرەوە نەبێت، وەک ڕەنگ لە جەستەدا یاخود جوڵە لە شتی جوڵاودا، هەروەها لە ڕووی میتافیزیکییەوە، جەوهەر بنەمایی ڕەسەنیەتی شتەکانە، بەڵام هەستەکیەکان سیفەتێکی گۆڕاون(بدوی ١٤٢٧: ١٣٩).

## ئەنجام

ناسنامەی لە فەلسەفەی سپینۆزادا لەسەر بناغەی میتافیزیکی قوڵ تێپەڕاندنی دوالیزمی باو کە لە نێوان خوا و سروشت، بیرکرنەوە و درێژبوونەوە، ئەقڵ و جەستە، کە دەبێتە جەوهەرێکی ڕەهای یەک بابەتی لە نێوان شتەکاندا، ئەمەش ناسنامەدانە بە هەموو ئەو شتانە کە دوانەیەکی دابڕاو بوون لە یەک. واتە لە پێشتردا هەریەک لەم چەمکانە بە دوانەیەکی دابڕاو پێناسە دەکران لە دیدی سپینۆزا ئەم دووانە یەکن جیانابنەوە لە یەک یەک پێناسەیان بۆ دەکرێت. لە ڕێگایی ناسینی سیفەتی خوا کە درێژبوونەوە و بیرکرنەوەیە، تێگەیشتنێکی قوڵ لە مرۆڤ و ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدا هەن. ناسنامەی سپینۆزا لە ناسنامەیەکی تاکەوە بگۆڕیت بۆ ناسنامەیەکی گشتی گەردوونی. ئەویش بە یەک گرتنی مرۆڤ و سروشت لە ڕێگای خواوە، کە دەبێتە یەکێتی بوون یان یەک بوون. هەڵوەشاندنەوەی تێگەی جەوهەری باو، پێناسەیەکی نوێ بۆ جەوهەر و سیفەتەکانی، ئەمەش چەمکی جەوهەر تەنها بۆ خوا یان سروشت بەکاربێت، کە لە پێشتردا بۆ شتانێکی تر بەکار دەهات.

## لیستی سەرچاوەکان


### بە کوردی

-سپینۆزا (٢٠١٥)، ئەخلاق، وەرگێرانی: شاهۆ عوسمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، سلێمانی.

-عەزیز، پ.د.حەمید (٢٠١٦)، لۆجیک دوێنێ و ئەمڕۆ،چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر. هەولێر.

-جەباری، د. حسن حسین (٢٠١٠)، لۆجیکی کۆن و لۆجیکی هاوچەرخ، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

-کەمال، د.محەمەد (٢٠٢٥)، دێکارت، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

-کەمال، د.محەمەد (٢٠١٨)، فالسەفەی سپینۆزا و جەوهەر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

### بە عەرەبی

-سبینوزا (٢٠٠٩)، علم الأخلاق، ترجمة: جلال الدين سعيد، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الاولى، بيروت.

-سبينوزا (٢٠٢٥)، علم الأخلاق، ترجمة: نزار عمبر، تدقيق: ريم البياتي، الطبعة الأولى، دار نرام سين، للطبعة و النشرو التوزيع: بغداد.

-سبينوزا(٢٠١٥) مبادئ فلسفة ديكارت، أفكار ميتافيزيقية، مراسلات، ترجمة: جلال الدين سعيد، مراجعة: صالح مصباح، مشورات دار سيناترا. تونس.

-سبينوزا، (٢٠٢٥)، رسالة في اصلاح العقل، ترجمة: سلوان زكريا، تدقيق: ريم البياتي، الطبعة الأولى، دار نرام سين، للطبعة و النشرو التوزيع: بغداد.

-سبينوزا، (٢٠٢٠)، حول الله والانسان ورفاهه، ترجمة: نبيل فياض، تقديم: أ.وولف، الطبعة الاولى، دار أبكالو. ألمانيا.

-المسكيني، فتحي (٢٠٠١)، الهوية و الزمان(تأويلات فينومينولوجية لمسألة (النحن) )الطبعة الأولى، دار الطليعة، بيروت.

-الشامخ، حداد، فاطمة (٢٠١٧)، الفلسفة النسقية ونسق الفلسفة السياسية عند سبينوزا, ترجمة: جلال الدين سعيد، مراجعة صالح مصباح، الطبعة الثانية، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والأبحاث. بيروت.

-زكريا، د.فؤاد (٢٠٠٨)، اسبينوزا، دار التنوير، الطبعة الثانية، للطبعة والنشر والتوزيع، القاهرة.

-حنفي، حسن ( ٢٠١٢)، الهوية، النشر المجلس الأعلى للثقافة، ط١، القاهرة.

-كامل، مجدي ( ٢٠١٣)، ديكارت، حياته... فلسفته... أفكاره..ومبادئه، دار الكتاب العربي، ط١، القاهرة.

-السراي، حسون، (٢٠٠٩)، مفهوم الجوهر في الفلسفة الحداثة، الطبعة الأولى، دار الهادي للطبعة والنشر. بيروت

-دواق، الحاج (٢٠١٦)، الضرورة والحرية قراءة في فلسفة سبينوزا، الطبعة الأولى، كلمة للنشر و التوزيع، تونس

-ريكور، بول، (٢٠١٢)، الوجود والماهية والجوهر لدى أفلاطون و أرسطو دراس ألقي في جامعة سترازبوغ، سنة ١٩٥٣-١٩٥٤، ترجمة فتحي انفزو، حبيب الجربي، محمد بن ساسي، محمد محجوب، بأشراف محمد محجوب، مشورات دار سيناترا. تونس.

-بدوي، د.عبد الرحمن (١٤٢٧)، موسوعة الفلسفة، ج١، الطبعة الأولى، المطبعة سليمانزاده، ايران قم.

الملخص

يتناول هذا البحث مبادئ ووجهات نظر الهوية في إطار فلسفة باروخ دي سبينوزا، مع التركيز على الجوهر كهوية في الكون، والتأكيد على دور الهوية كأساس للوحدة في كل شيء يعرف بالثنائية. وتستخدم مناهج الوصف التحليلي والمقارنة لآراء سبينوزا، التي تدعم وحدة الأشياء، ودور العقل في تنظيم وفهم كل شيء في الوجود، وتحرير الإنسان من اغتراب الجسد عن العقل والله عن الطبيعة، وفصل الله عن الطبيعة، وتحليل مفهوم الجوهر كأساس لمعرفة كل شيء موجود، وتقديم الجوهر من وجهة نظر الفلاسفة في مراحل مختلفة وآرائهم حول مفهوم الهوية وتأثيرهم على فلسفة سبينوزا. وهكذا، فإن الهوية ليست وجودا فرديا محددا أو جزئيا، بل هي مفهوم ميتافيزيقي وأخلاقي يتجاوز الثنائية بين الله والعالم، وفهما جديدا للإنسان كجزء من عملية الفكر بأكملها. ويؤسس للامتداد والله والطبيعة.

Abstract.

This research explores the foundations and perspectives of identity within the framework of the philosophy of Baruch de Spinoza. It sheds light on substance as identity in the universe, while also emphasizing the role of identity as a fundamental concept in overcoming all matters that are defined within the framework of dualism or separated duality. A descriptive–analytical and comparative method has been employed to examine Spinoza’s rather than two divided entities. According to Spinoza, the human being or individual does not possess an independent identity in isolation; rather, one’s identity is determined within the framework of cause and effect created by God or nature. Thus, the identity of the human being is established within the unity of substance, through the qualities of thought and extension. In this sense, identity is not a fixed and isolated existence of the individual, but rather a metaphysical and functional understanding that transcends the dualism of God and the world. It offers a new comprehension of humanity as part of the total process of thought and extension, in which God and nature are unified.